

## 60 چەپكە گوڵ بۆ یادی  كۆماری كوردستان

## 2 ڕێبەندانی 1324 هەتاوی ـ 2 ڕێبەندانی 1384 هەتاوی

## 2006/1/22 ـ 1946/1/22



پێشەوای نەمر یەكەم كۆماری لە شاری مەهاباد {سابلاغ} ڕاگەیاند...ئەو ڕۆژگارە ئەوەندە لەبار نەبوو كە كوردستان ببێتە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆی...یەكێك لەو هۆیانە و پشتگیریە، بوونی لەشكری یەكێتی سۆڤیەت لە ناوچەكە بوو...گەلێك لە نووسەرانی بیانی و كوردی دەربارەی ئەو كۆمارە تەمەن{ یازدە }مانگە نووسیویانە و وێنەی جوانی شاری مەهاباد و ناوچەكانی دەوروبەری كۆماری كوردستانیان بڵاوكردۆتەوە...نووسەرانی بەناوبانگ ولیام ئیگیلتین بە زمانی ئینگلیزی و كریس كوچرا بە زمانی فەرەنسی دەربارەی ئەوكۆمارە زیندووە نووسیوویانە...بەیادی ئەو كۆمارە خۆشەویستە ئەو نوسینە بلاودەكەمەوە  كە نووسەری بەناوبانگ و هەردەم زیندوو مامۆستای چیرۆكی كوردی{ حەسەنی قزلجی }  بۆ پێشەكی چیرۆكی {پێشمەرگە}ی نووسەری كۆچكردوو دوكتور ڕەحیمی قازی نوسیوویە... ئەو پێشەكیەی مامۆستا حەسەنی قزلجی لەساڵی 1960 لە بەغدا نووسیووە...مرۆڤ هەست دەكات كە زمانی مامۆستا حەسەن بەر لە 46 ساڵ چەند جوان و بەنرخە .

سڵاو لە یادی دامەزرانی كۆماری كوردستان...

سڵاو بۆ پێشەوا قازی محەمەد(1901 ـ 1947).

ئەمەش نووسینەکەی شەهید حەسەنی قزلجی ...

## بە باڵا برینیک...                حەسەنی قزلجی




FROM THE PROCLAMATION OF THE KURDISH REPUBLIC OF MAHABAD,
January 22, 1946

زمانی کوردیش وەک زمانی تر لەگەل نەتەوەی کورد پەیدابووە و بە درێژایی تەمەنی ئەم میللەتە هوی تی گەییشتن و تی گەیاندنی بووە و پیویستی گەلی کوردی پێک هێناوە و قانوون و دەستووری خۆی هەیە و گەنجینەی ووشە و واتەی دەولەمەندە و لە هەموو کارەساتانی مێژوویی دا توانیویەتی خۆی رزگار کات و بمێنیتەوە. بەڵام کە راستی بڵێین و خۆمانفریو نەدەین لە بابەت ئەدەبەوە بە تایبەتی بەشی چیرۆک ، هەژار و کەم زەخیرەیە. ئەویش زیاتر لەبەر ئەمەیە کە لە هێندی پارچەی کوردستانا بە ئارەزووی تواندنەوە مەودای پێ نەدراوە. دیارە ئەگەر مەودای بدرایە ئەمیش بەشی خۆی کو ئەکردەوە. بەڵام هێندی کەسی دڵسۆز هەن بەهەر جۆرێک بوو بێت نەتەوەی خۆیان لە بیر نەچووەتەوەو کرو کاشێکیان هەر بۆ کردووە ،



یەکێ لەوانە کاک (رەحیمی قازی)یە کە چیرۆکی پێش مەرگەی نووسیوە. کاک رەحیمی قازی کوری سیف القضاتە ، کە هەمیشە بە شیعری تەڕ و ئاودار خەمخۆری ی کوردی کردووە کە ئەویش برازای میرزا فتاح بووە کە لە شۆڕشی گشتی ئیرانا بۆ رووخاندنی حکوومەتی دیکتاتوری و دامەزراندنی مەشرووطە (حوکوومەتی دەستووری) تێکۆشاوە و ماوەییکی زۆر لە زیندانا بووە و لە گرتووخانەی تارانا بیری ولاتی کردووەتەوە و کوتوویەتی :

خۆزگە ئەمزانی لە تارانا نەجاتم کەی دەبی
کویی یارەمەوطینم یامەدفەنم هەر (رەی) ئەبی

برای حەمە حسین خانی سەیفی قازی یە کە خۆی قوربانی کوردستان کرد ، ئامۆزای قازی محەمەدی سەر کۆماری مەهابادە کە وەکو رۆژ لە ئاسمانی ئازادی خووازی ی کوردستانا ئەدرەوشێتەوە . جا ئەم کاک رەحیمە رێگەی کەس و کار و خانەدانی گرتووەتەبەر و خەمخۆری ی بۆ میللەتەکەی ئەکات و یەکێ لە خەمخۆری یەکانی چیرۆکی ((پێش مەرگە))یە. ئەم چیرۆکە بە قەلەمێکی رەوان و شێوەیەکی شیرین نووسراوە و باری ژیانی کوردەکانی ئیران نیشان ئەدات ، وە چلۆنایەتی ی دەرەبەگ و وەرزێر و زەبروزەنگی میری و پشتیوانی ی شۆڕشی مەهاباد لە لایەن هەموو تیرە و چینەکانی کوردستانی ئیرانەوە دەر ئەخات و وەک ئاوێنە ئەو ئەلقەیە لە مێژووی کوردستانا ئەنوێنی . وەکو گوتوویانە تانەی چیژی نازانی چی یە ، تا نەیخوینیتەوە نازانی چەند بەرز و بالاو شاکارێکی ئەدەبی یە . ئیتر پێویست نی یە لێرەدا شی بکەینەوە و بەر چاوی خەین.خۆت بیخوینەوە با بۆت تازە بیت و لە تازەیی یەکەی لەزەت بەرە. بەراستی ئەمە خشتێکی گرنگە لە کۆشکی ئەدەبی کوردی داو خزمەتێکی بەنرخە بەزمان و مێژووی نەتەوە کەمان و ، هیوادارین گەلێ خشتی تری وای بێتە سەر و زمانەکەمان بەدەست و قەلەمی ئەدیبە بەرێزەکان دەوڵەمەند بیت و لەناو زمانانا جێگەی خۆی بگریتەوە ، بە تایبەتی کە ئێستا دنیا بچووک بوەتەوە و میللەتان لە یەکتر نزیک بوونەتەوە و باری ئابوری ی دنیا بەباز ئەچیتە پێشەوە و ئەمەش لە زمانانداا زۆر کاریگەرە و هەر میللەتێک سستی و تەمەلی بکات زمانەکەی لێ دەئالوزی .

ئیتر بە هیوای دەست و قەلەمی ئەدیبانی دڵسۆز .

بەغدا ساڵی 1960 .



فەهد گردەوانی 2006/1/22 ستۆکهۆڵم